وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
کۆلێژی پەوەردە- شەقلاوە

بابەت: واتاسازی
پۆل: چوارەم
کات: 3 کاتژمێر

بەش:　　　ساڵی خوێندن 2021 -2022　　　بەروار: / / 2022

پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵانە- خولی (　　　)

پ1:
أ- واتا لای (بلۆمفیلد) چییە؟ بۆچوونەکەی دەچێتە چوارچێوەی کام بۆچوونی لێکدانەوەی واتاوە؟ بەپێی ئەو بۆچوونەی لێکدانەوەی واتا، گوتن کەی واتای نابێت؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەوە. (8نمرە).
ب-فۆنۆلۆجی لە چیدا پێویستی بە ڕەهەندی واتایی کەرەستەی زمانییە؟　　　(4نمرە)

پ2:　　　(12نمرە)
أ- دەوربەری ئەبستمی(مەعریفی) چییە؟ چۆن دەتوانێت لە دیاریکردنی واتادا یارمەتیدەربێت؟ بە نموونەوە ڕوووونی بکەوە.
ب- ئەم کەرەستانە چ واتایەکی زیادەی ناوەسفییان تێدایە بینوسە، ڕوونیبکەوە، چۆن زانیت؟ پاشان جۆرەکەی دیاربکە: (مالۆس، مەتکەب، تیرۆرستانی داعش).

پ3:　　　(12 نمرە)
أ- بە نموونەوە ڕوونی بکەوە، چۆن لە پراگماتیکدا بە گۆڕینی قسەکەر یان گوێگر واتا دەگۆڕێت؟
ب-بۆ هەریەک لەم مەبەستانە دوو ئیدیەم بنووسە: (ڕەزیل، سەخی، هەژار).

پ4:　　　(12نمرە)
أ- وشە هێڵبەژێرداهاتووەکان بە واتای خۆیان بەکارهاتوون یان نا؟ ئەگەر بە واتای خۆیان بەکارنەهاتوون، چ شێوەیەکی گۆڕانی واتان: (ئۆتۆمبێلەکە پەنچەربوو)، (کیسەکە زۆر قورس بوو).
ب- ئەم وشانە فرەواتان یان هاوبێژن؟ بۆچی؟ (خۆر: واتا1= خۆڵ، واتا2= ڕۆژ)، (ڕۆژ: واتا1=خۆر، واتا2= یوم(day)).
ت- پەیوەندیی واتایی نێوان ئەم جووتە وشانە چییە: (تاوان:کوشتن)، (بردن: هێنان)، (گوارە: ئەنگوستیلە)، جانتا: زنجیر).

پ5:　　　(12نمرە)
أ- واتای ئەم ڕستانە ئاسایین یان نائاسایی؟ ئەگەر نائاساییـن، جۆری نائاساییەکە چییە؟
- چۆڕێک وەفات هەبوایا.
- شیعرێک ئەمنوسێتەوە.
ب- بەپێی (گریمانە پێشەکییەکان) واتا باسنەکراوەکانی ئەم ڕستەیە چین: (منداڵەکەی شیلان مرد).
ت- وشە هێڵبەژێرداهاتووەکان تاریکن یان ڕوون؟ بۆچی؟ (منداڵەکە زریکاندی، چاوت تێر نابێ).

==============================================================

بە هیوای سەرکەوتن بۆ هەموتان

مامۆستای بابەت: هیوا أحمد عصاف